


# گراكۆسی راوچی

فرانز كافكا

له‌ ئینگلیزییه‌وه‌: هێرش حه‌مه‌سه‌عید

دوو كوڕ له‌سێبه‌ری دیواری ئه‌سكه‌له‌یه‌ك[1] دانیشتبوون، یارییان به‌زار ئه‌كرد، پیاوێك له‌سه‌ر پلیكانه‌ی مۆنۆمێنتێك، له‌ژێر سێبه‌ری پاڵه‌وانێكدا كه‌ شمشێرێكی به‌ده‌سته‌وه‌ بوو، ڕۆژنامه‌ی ده‌خوێنده‌وه‌. كیژێكی لاو ته‌شته‌كه‌ی له‌ كانییه‌كدا پڕ ئه‌كرد له‌ ئاو. میوه‌فرۆشێك له‌ نزیك به‌روبوومه‌كه‌یه‌وه‌ راكشابوو ته‌ماشای ده‌ریای ئه‌كرد. له‌ سوچێكی كراوه‌ی ده‌رگاو په‌نجه‌ره‌ی بارێكه‌وه‌، دوو پیاو ده‌بینران، له‌ دواوه‌ شه‌رابیان ئه‌خوارده‌وه‌. خانه‌خوێكه‌ش له‌ پێشه‌وه‌ له‌ سه‌ر مێزێك دانیشتبوو، وه‌نه‌وز ئه‌یبرده‌وه‌. به‌له‌مێكی بچووك به‌ ئه‌سپایی خزایه‌ ناو به‌نده‌ره‌كه‌وه‌، وه‌ك ئه‌وه‌ی ئاوه‌كه‌ گلی دابێته‌وه‌. پیاوێكی چاكه‌ت شین بازی دایه‌ سه‌ر وشكانی‌و له‌ ئه‌ڵقه‌كانه‌وه‌ په‌ت‌و گوریسه‌كانی راكێشا. له‌ پشتی پیاوه‌كه‌وه‌ لای به‌له‌مه‌كه‌وه‌، دوو پیاوی تر به‌ پاڵتۆی ره‌ش‌و قۆپچه‌ی زیوییه‌وه‌، ته‌رمێكیان هه‌ڵگرتبوو، كه‌ له‌ ژێر شاڵێكی ئاوریشمی گوڵ گوڵیی گوڵنگداره‌وه‌ پیاوێك به‌ ئاشكرا راكشابوو هیچ كه‌س به‌ هاتنی ئه‌و تازه‌ گه‌یشتووانه‌ بۆ ئه‌سكه‌له‌كه‌ بێزار نه‌بوو، ته‌نانه‌ت كاتێكیش ته‌رمه‌كه‌یان دانا بۆ ئه‌وه‌ی چاوه‌ڕێی كه‌شتییه‌وانه‌كه‌ بكه‌ن، كه‌ هێشتا خه‌ریكی په‌ت‌و گوریسه‌كان بوو، كه‌س قسه‌ی له‌گه‌ڵ نه‌كردن‌و كه‌س پرسیاری لێ نه‌كردن‌و كه‌سێك له‌ نزیكه‌وه‌ ته‌ماشایه‌كی نه‌كردن.

كه‌شتیه‌وانه‌كه‌، به‌هۆی ژنێكی قژ ئاڵۆسكاوه‌وه‌ كه‌مێك زیاتر دره‌نگ كه‌وت، كه‌ ئێستا له‌ سه‌ر پشتی كه‌شتییه‌كه‌وه‌ له‌گه‌ڵ منالێكا ده‌ركه‌وت، كه‌ گرتبووی به‌ باوه‌شییه‌وه‌، پاشان هات‌و ئاماژه‌ی بۆ خانوویه‌كی زه‌ردباوی دوو نهۆمییكرد، له‌ نزیكی گوڵه‌ باخێكه‌وه‌، راسته‌وخۆ له‌لای چه‌په‌وه‌ نزیك به‌ ئاوه‌كه‌.

پیاوەکان، تەرمەکەیان هەڵگرتو بە دەرگایەکی نزما بردیانە ژوورەوە کە بە ستوونی باریك رازێنرابووەوە. منالێکی بچووك پەنجەرەیەکی کردەوەو دەست بەجێ تێبینیی ئەوەی کرد کە چۆن کۆمەڵەکە لە ناو خانووەکەیا دیار نەمان، بە خێرایی پەنجەرەکەی داخستەوە. دەرگاکەش کە لە دار بەڕووی رەش دروستکرابوو، داخرابوو. پۆلە کۆترێك کە بە دەوری تاوەری زەنگەکەیا لە فڕیندا بوون، لە بەردەمی خانووەکەیا نیشتنەوە. کۆترەکان لە پێشدەمی دەرگاکەیا خڕببوونەوە، وەك ئەوەی دانەکەیان لەناو شوشەی پەنجەرەکە ئەدا. هەموویان بە ڕەنگی رۆشن رەنگاوڕەنگ کرابوون، کە لەلایەن هەموو ئاژەڵە زیتەکانەوە خۆشدەویستران، ژنەی ناو بەلەمەکە، پڕ بە مشتێکی گەورە دانی هاویشتە بەردەمی کۆترەکان. هەموویان تەواو کردو پاشان کەوتنە هەڵفڕین بەسەر سەری ژنەکەیا.

پیاوێك بە شەپقەیەکی درێژی رەشو قردێلەیەکی رەش بەسەر سنگییەوە، لە یەکێك لەو باریکە رێیە بچووکە لێژانەوە هاتە خوارەوە کە بەرەو بەندەرەکە دەڕۆشت. بە سەرنجدانەوە چاوێکی گێڕا بەدەوری خۆیا. هەموو شتێك بێزاری ئەکرد. بە بینینێکی لەناکاوی هەندێ زبڵو پیسی کە لە سوچێکا رۆکرابوو، راچەنی. لەسەر پلیکانەی مۆنومێنتەکەش توێکڵە میوە کەوتبوو. کە بەلایا تێپەڕی، بە دار حەیزەرانەکەی لای برد. بە دەستی راستی، کە دەستکێشی رەشی تیابوو شەپقەکەی داکەند لەسەریاو بە دەستەکەی تریشی لە دەرگای خانووەکەی دا. دەست بەجێ دەرگاکە کرایەوەو نزیکەی پانزە کوڕی بچووك کە لە ڕاڕەوێکی درێژدا بە دوو ریز وەستابوون، نەوازشیان بۆ پیاوەکە کرد.

کەشتییەوانەکە، لە قادرمەکانەوە هاتە خوارەوە، چاوی کەوت بە پیاوماقوڵەکەو پێشی کەوت بۆ سەرەوە، لە نهۆمی یەکەم، پیاوەکەی بەدەوری باڵکۆنێکی باریکی دڵگیرا ئەگێڕا کە بەسەر حەوشەکەدا ئەیڕوانی. منداڵەکان لە دوورییەکەوە کە نیشانەی رێزبوو، لە پشتی ئەمانەوە خڕببوونەوە. هەردوو پیاوەکە لە پشتەوە چوونە ناو ژوورێکی گەورەی فێنکەوە. لەوێوە رووکاری خانووەکە نەدەبینرا، تەنها دیوارە بەردینە خۆڵەمێشییەکە نەبێ. ئەوانەی کە تەرمەکەیان هەڵگرتبوو، سەرقاڵبوون بە دانانو داگیرساندنی هەندێ مۆمەوە، لە ژوور سەری تەرمەکەیا، بەڵام مۆمەکان رووناکییان دابین نەئەکرد، تەنها وایان لە سێبەرەکان ئەکرد بەسەر دیوارەکەیا هەڵبەز بکەن. شاڵەکە لەسەر تەرمەکە لابرابوو، پیاوێکی قژبڕی ریش هاتووی گەنم رەنگ لەسەر دارمەیتەکە راکشابوو، تا رادەیەك شێوەی لە ڕاوچییەك ئەچوو، بەبێ جوڵە پاڵکەوتبوو، وەها دەرئەکەوت کە هەناسەش نادات، چاوەکانی داخرابوون، گەرچی دەورووبەرەکەی تەنهاشتێك بوو کە وایان نیشان ئەدا ئەو لاشەیەکی مردووە.

پیاوماقوڵەکە، رۆشت بەرەو لای تەرمەکە، دەستێکی خستە سەر ناوچەوانی ئەو پیاوەی کە لەویدا راکشابوو، چۆکی داداو کەوتە دوعا خوێندن. کەشتییەوانەکە ئیشارەتێکی دا بە تەرمهەڵگرەکان کە ژوورەکە بەجێهێڵن. رۆشتنە دەرەوە، ئەو منداڵانەیان دوورخستەوە کە لە دەرەوە خڕببوونەوەو دەرگاکەیان داخست. پیاوماقوڵەکە گەرچی هێشتا وا دەرئەکەوت کە بەو خامۆشییەی ئەوێ رازی نەبێت، سەیرێکی کەشتییەوانەکەی کرد، ئەویش تێگەیشتو لە دەرگایەکی لاتەنیشتەوە چووە ژوورەکەی ترەوە. پیاوی سەر دارمەیتەکە، لە پڕێکا چاوی کردەوەو بە زەردەخەنەیەکی گرانەوە، رووی وەرگێڕا بەلای پیاوماقوڵەکەیاو وتی: (تۆ کێیت؟) پیاوماقوڵەکەش بەبێ ئەوەی توشی سەرسوڕمان ببێت، لەو بارەیا کە لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو هەستایەوەو پێی وت: (سەرۆکی شارەوانیی ریڤام).

پیاوی سەر دارمەیتەکە، سەری لەقاندو بە درێژکردنی دەستە لەرزۆکەکانی ئیشارەتی دا بە

کورسییەک، ئینجا کە سەرۆکی شارەوانی بە فەرمووکردنەکەی رازیی بوو، وتی: (بەڵێ، من ئەمزانی کە تۆ سەرۆکی شارەوانیت، بەڵام هەمیشە یەکەم چاوخشاندن بە دەوروبەرەکەما، شتەکانم لە بیردەباتەوە. هەموو شتێك بازنەیی دەرئەکەوێ لە چواردەورما، بۆیە وام پێ باشە کە پرسیار بکەم تەنانەت ئەگەر هەموو شتێکیش بزانم. تۆش بە گریمانە دەزانیت کە من گراکۆسی راوچیم؟

سەرۆکی شارەوانی وتی: (بێگومان) دوێنێ شەو هەواڵەکەم پێگەیشت، چەند ساتێك بوو خەومان لێکەوتبوو، لە نیوەی شەوا ژنەکەم بانگی کردم: (سالڤاتۆر، (ئەمە ناوی منە) سەیری ئەو کۆترە بکە لەبەر پەنجەرەکەیا) کۆترێکی راستەقینە بوو، بەڵام هێندەی کەڵەشێرێکیش دەبوو، هەڵفڕی بۆ لای گوێمەوەو وتی: (سبەینێ گراکۆسی راوچیی مردوو دێت بۆ ئێرە، بەناوی هەموو شارەکەوە پێشوازیی لێ بکە).

راوچییەکە سەری لەقاندو سەری زمانی خستە بەینی هەردوو لێویەوە. (بەڵێ، کۆترەکان بەر لە هاتنی من لێرەیا ئەفڕین، بەڵام سەرۆکی شارەوانی، تۆ لەو بڕوایەدای کە من لێرە ئەمێنمەوە؟).

سەرۆکی شارەوانی وەڵامی دایەوە (جارێ دڵنیا نیم). (تۆ مردوویت؟).

راوچییەکە وتی: (بەڵێ). (وەك دەیبینن. چەند ساڵێك بەر لە ئێستا – دەبێ ساڵانێکی زۆر بێت– لەسەر تاشە بەردێك کەوتمە خوارەوە لە بلاك فۆرێست– ئەوە لە ئەڵمانیایە– لەو کاتەوە من مردووم.

سەرۆکی شارەوانی وتی: (بەڵام تۆ زیندووشی).

راوچییەکە وتی: (بەهەمان شێوە). بەهەمان شێوە، من زیندووشم، کەشتیی مردنەکەم رێی لێ هەڵە بوو – بەهۆی پێچێکی هەڵەی سوکانی کەشتییەکەوە، بەهۆی ئەوەوە کە بۆ ساڵێك سوکانبەدەستەکە سەرنجی رۆشت، بەهۆی خەیاڵ رۆشتنیەوە بۆ سەرزەمینی نیشتیمانە دڵگیرەکەی من– نازانم بەهۆی چییەوە بوو، تەنها ئەوە ئەزانم کە من لەسەر زەوی ماومەتەوە، ئیتر لەوکاتەوە کەشتییەکەی من بە سەرزەمینە ئاوییەکاندا گەشت ئەکات. بۆیە من، کە دەمویست تەنها لە چیاکانی خۆما بمێنمەوە، پاش مردنم بەناو هەموو وڵاتەکانی سەر زەوییا گەشتم کرد).

سەرۆکی شارەوانی، کە ناوچەوانی گرژ کردبوو، پرسیی: (ئەی هیچ شوێنێکت لەو دنیا پێ نەبڕاوە؟).

راوچییەکە وەڵامی دایەوە: (من هەمیشە لەسەر قادرمە گەلێکی نا کۆتام کە بەرەو ئەوێم ئەبەن) بەسەر ئەو پلیکانە بێ ئەندازە فراوانەیا، بێ پەروا لە هاتوچۆکردنام جارێ بۆ سەرەوەو جارێکیش بۆ خوارەوە، جارێ بەلای راستاو جارێکیش بەلای چەپا، هەمیشە لە جەرەیانام. هەر لەوکاتەوەی راوچی بووم، بووم بە پەپوولە. پێمەکەنە).

**سەرۆکی شارەوانی وتی: (پێناکەنم).**

راوچییەکە وتی: (ئەوەش نیشانەی بەرێزیی خۆتە). (من هەردەم لە گەڕانام، بەڵام هەرکاتێ بەجوڵەیەکی بڵندی سەرکەوتنا ئەڕۆمو دەرگایەك راست لە ژوور سەرمەوە ئەدرەوشێتەوە، یەکسەر خەبەرم ئەبێتەوەو ئەڕوانم هەر لە سەر کەشتییە کۆنەکەی خۆمەو هێشتا بەوپەڕی پەستییەوە، لە پانتایی دەریایەکی سەرزەمینییا قەتیس ماوم. هەڵەی بنچینەیی سەرەتاکانی مردنم، کاتێکە کە لەناو کابینەی کەشتییەکەمام. جولیا، ژنی کەشتیەوانەکە، تەقە ئەیا لە دەرگاکەو لەسەر دارمەیتەکە، خواردنەوەی بەیانی ئەو وڵاتەم بۆ ئەهێنێ کە ئێمە لەو کاتەیا بە کەنارەکەیا تێئەپەڕین. من لەسەر تەختەدارێکی پان رائەکشێم، کفنێکی چڵکنم پۆشیوەو حەز ناکەم خۆم ببینم، بە سەرو ریشێکی خۆڵەمێشیی شێواو و لێکئاڵاوەوە، لاقەکانم بە شاڵێکی گەورەی ئاوریشیمی ژنانە داپۆشراون، بە نەخشی گوڵ گوڵیو گێزوگوڵنگی درێژەوە. لە ژوور سەرمەوە مۆمێکی کڵێسا دانراوە، کە پرشنگەکەی رووناکم ئەکاتەوە. بە دیوارەکەی بەرامبەرمەوە وێنەیەکی بچووك هەڵواسراوە، بە روونی وێنەی پیاوێکی دەشتەکیی لەسەرە کە بە رمەکەی نیشانە لە من ئەگرێتەوەو خۆی لە پشتی قەڵغانێکی شەوقداری بۆیە کراوەوە شاردۆتەوە. لەلایەکی

کەشتییەکەوە، کەسێك کۆمەڵێ وێنەی پووچی دۆزیوەتەوە، کە ئەمە یەکێکە لە پووچترینیان. لە پشت ئەمەشەوە، قەفەسە دارینەکەم چۆڵو هۆڵە، لە کونێکی دیوارەکەی لاتەنیشتەوە، هەوایەکی گەرمی شەوەکانی باشوور، دێتە ژوورەوەو گوێم لە شڵپەی ئاوەکەیە کە خۆی ئەکێشێ بە قەراخی بەلەمێکی کۆنا.

من لێرەیا پاڵکەوتووم – تا ئێراش من هەر گراکۆسی راوچیی زیندووم– تا ئەو کاتەی ئاسکێك بەرەو مۆڵگەکەی راوئەنێم لە بلاك فۆرێستو بەرئەبمەوە، هەموو شتێك روویدا بەو شێوەیەی کە دەبوو وابێ. شوێنکەوتن، بەربوونەوە، خوێن لێ رۆشتنو مردن لە چەمێکاو پاشان ئەم بەلەمەش کە بەنیاز بوو بمبات بەلایەکی ترا. هێشتا لە یادمە کە یەکەم جار چەند بە خۆشحاڵییەوە ئا لێرەیا، لەسەر تەختەدارەکان خۆمم درێژکردبوو. شاخەکان هەرگیز گوێیان لەو شێوە گۆرانی وتنەی منەوە نەبوو کە دواتر بۆ ئەم چوار دیوارە سێبەرییانەم وت.

دڵخۆشبووم بەوەی کە زیندووم، دڵخۆشبووم بەوەی کە مردووم. بەرلەوەی بێمە سەر کەشتییەکە، بەخۆشحاڵییەوە هەموو شرکەوپرکە کۆکراوەکانی وەکو گوللەو تورەکەو تەنانەت تفەنگی راوەکەشم کە هەمیشە بەوپەڕی شانازییەوە ئەمکردە شانم فرێدایە ناو کفنەکەمەوە، وەك کچێکی گەنج بۆ ناو جلی بووکێنییەکەی. لەوێ راکشابوومو چاوەڕوان بووم، تا کارەساتەکە روویدا).

سەرۆکی شارەوانی، دەستێکی بەرزکردبویەوە، کە هێما بوو بۆ بەکەم سەیرکردن، وتی: (قەدەرێکی بەدە). (هەرچۆنێکە نەدەبوو لەسەر ئەو کارانەت لۆمە بکرێت؟).

راوچییەکە وتی: (نەخێر). (من راوچی بووم، ئایا هیچ لۆمەکردنێ لەمەیا دەبینی؟ من بۆ ئەوە لەدایك ببووم تاکو ببمە راوچی لە بلاك فۆرێست، کە تا ئەو کاتەش گورگەکان لەوێ بوون. خۆ مەلاسدان، تەقەکردن، پێکانی مەبەستو کەوڵکردن، ئایا هیچ لۆمەکردنێ لەمەیا دەبینی؟. کارەکەم پیرۆز بوو، (بەناوبانگترین راوچیی بلاك فۆرێست) ئەمە ئەو ناوە بوو کە بە منیان دەوت، شتێکی بەد لەمەیا هەیە؟).

سەرۆکی شارەوانی وتی: (ئەو بڕیارە لە دەستی منا نییە). (بەڵام منیش هەر شتێ وای دەبینم کە لۆمەکردن لە ئارایا نەبێ، بەڵام ئەو کەسە کێیە کە دەبێ لۆمە بکرێ؟).

راوچییەکە وتی: (بەلەمەوانەکە). (ئەوەی کە من لێرەیا ئەینووسم، کەس نایخوێنێتەوە. کەس نایەت بۆ یارمەتیم. ئەگەر خەڵکی ئەرکی هاوکارییکردنی منیان پێ بسپێردرایە، دەرگاکانی هەموو ماڵەکان بە داخراوی ئەمانەوە، هەموو پەنجەرەکان دائەخران، هەمووان بە متیلە فرێدراوەکانی بان سەریانەوە لە جێگەیا پاڵئەکەوتن. شەوانە هەموو ئەم سەرزەمینە سەرپاك نەبووە خان، ئەوەش زۆر لەجێی خۆیدایە کە کەسێ نییە من بناسێ، خۆ ئەگەر کەسێکیش هەبووایە، نەیدەزانی من لە کوێ دەمێنمەوە، ئەگەر ئەوەشی بزانیایە، هێشتا هەر نەیدەزانی کە چۆن من بپارێزێ لەوێ، بۆیە نەیدەزانی کە چۆن یارمەتیی من بدات. بیری ئەوەی کە کەسێك بیەوێت یارمەتیم بدات، نەخۆشییەکە پێویستی بە چارەسەری لە جێگاکەوتنە).

(من ئەو راستییە ئەزانم، هەر بۆیە پەنا بۆ کەس نابەم یارمەتیم بدات، تەنانەت لەو کاتانەشا کە بەسەر خۆما زاڵ نیم، بۆ نموونە حاڵی حازر، ئەمە بابەتێکە کە زۆر باش بیرم لێ کردۆتەوە. بەڵام بۆ رزگاربوون لەم جۆرە بیرکردنەوانە، تەنها پێویستم بەوەیە چاوێك بە دەورما بگێڕمو بە یادی بهێنمەوە کە من لە کوێدام، بە درێژایی ئەم سەدانە من لە کوێ ژیاوم– ئەتوانم ئەمەش بەوپەڕی دڵنیاییەوە بڵێم.

سەرۆکی شارەوانی وتی: (شتێکی نائاسایە). (نائاسا، ئەی ئێستا نیازت نییە لە ناومانا بمێنیتەوە لە رێڤا؟).

راوچییەکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: (هیچ نیازێکم نییە) پاشان بۆ هەقکردنەوەی ئەو گاڵتەپێکردنەی لە تۆنی دەنگیا بوو، دەستێکی خستە سەر ئەژنۆی سەرۆکی شارەوانی. (من لێرەم، زیاد لەوەش هیچی تر نازانم، هیچ شتێکی تریش نییە بتوانم بیکەم، بەلەمەکەم بێ سەوڵ لێدەرەو لەگەڵ ئاراستەی با سەفەر ئەکا بەرەو قووڵترین هەرێمەکانی مردن).

**پەراوێز:**

1.دیواری بەربەستی دەریاو پاراستنی بەندەرە.